## البيان الترسيسى لتشكيل الاتحاد الكوردستانى للاعلام الالكترونى

"یەکێتی ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی کوردستانی" کوردی نازانن!!!

سەرەتا داوای لێبووردن دەکەین ئەگەر ئەو ناوەی سەرەوەمان، بەهەڵە وەرگێڕابێت!. لەگەڵ ڕیزمان بۆ ئەکەسانەی بەم ئەرکە هەڵساوون، ئەمڕۆ بە سەرسوڕمانەوە بەیاننامەی ڕاگەیاندنی ئەم یەکێتیەشمان بەدەست گەیشت، کە بەزمانی عەرەبی نووسراوە. هیواداریین ئەم یەکێتییە ئەرکی تەنگ کردنەوەی ئازادییەکان نە بێت لە ماڵپەڕەکان، تەوقێک نەبێت بۆ بەرپرسی ئەو ماڵپەڕانە، کە سەرکێشانە ئازادی بیروڕا بڵادەکەنەوە. بەڵکە ببێتە سەنگەرێك بۆ داکۆکی لە ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین. ئەوەی بەلامانەوە سەیرە زۆر کوردی زان ناوییان لە لیستی ناوەکانە کە وەک دەستەی ئامادەکار ناویان هاتووە، بەڵام بانگەوازەکەیان بە زمانی عەرەبییە. لە کاتێکدا ئەوان وشەی کوردستانیان بەکار هێناوە و دەزانن، (کوردستان باکور و ڕۆژهەڵات و باشوور، ڕۆژئاوایی) هەیە. بەڵام لە سنوری باشوری کوردستان قەتیس ماون، ڕوونە کە زیاتر لە 80% ڕۆژنامەنوسانی کورد عەرەبی هەر نازانن، ئەمە سەرباری ئەوەی ڕۆژنامەنووسانی گەنجی کوردستانی باشوور لە زووەکەوە بەو زمانە پەروەردە نەکراون و هەر ناشی زانن. . هیواداریین زوو بانگەوازەکەیان بکەن بە کوردی تا ئێمەش لێی تێبگەین!! ئەگەر داکۆکی لە مافەکانی ڕۆژنامەنووسانی ئەلکترۆنی و ئازادی بیروڕا کرد ببینە ئەندام. یان ئەگەر زمانەکەمان شایەنی ئەوە نییە پێی بنووسرێت، با لەجێی نەبووان دایانبنێین. . . . عومەر فارس- بەرپرسی کوردستان نێت